حەمەسەعید حەسەن

## به ئاخری پیرییەوە

کابرایەک کە تا دوێنێش بە سەنگەری ئەو بەعسییانەوە پەیوەست دەبوو، کە بیست ساڵ لەمەوبەر وێنەیان لە تەنیشت سەددامەوە، لە (هاوکاری) و (بەیان)دا بڵاو دەکرایەوە، چەند رۆژێکە بەو مەبەستەی بەم ئاخری پیرییەوە، ناوبانگێک پەیدا بکات، باس لە لیستی بەعسییەکانی نێو ریزەکانی حیزبە کوردییەکان دەکات!

(١) ئازادی تیفی لە سلێمانی کە سەر بە حیزبی شیوعیی کوردستانە، نە ناوی بەعسییەکانی نێو حیزبە کوردییەکانی بڵاو کردووەتەوە، نە بەر پەلاماری (ینک)یش کەوتووە. ئازادی تیفی تەنیا ناوی برێک لەو ناپاکانەی پەخش کردووە کە تا نۆی ئەپریلیش لە سایەی بەعسدا دەژیان و بە ئاشکرا بەعسی بوون.

(٢) ئەوی لیستی ناوی بەعسییە کوردەکانی لایە و دەستبەجێ بڵاویان ناکاتەوە، لە باشترین حاڵەتدا ترسنۆکە.

(٣) ئەو نەکیرەیەی بە هیوایە، لە رێی هەناردنی نامەوە، بۆ سەرانی ینک و پدک، ببێ بە مەعریفە، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە.

هەمزاتۆف دەڵێت: (ئەگەر لە بیست ساڵیدا ئازا نەبووی، بە هیوای ئازایەتی مەبە، ئیدی نایە. ئەگەر لە سی ساڵیدا بەهێز نەبووی، بە ئومێدی هێز مەبە، ئیتر نایە. ئەگەر لە چل ساڵیدا زەنگین نەبووی، بە تەمای سامان مەبە، ئیدی نایە.)

دڵم مۆمێکە دڵۆپ دڵۆپ بۆ حەسرەتی ئەوانە دەتوێتەوە، تەمەنیان لە شەست نزیک دەبێتەوە و تازەکی بە هیوای تۆمارکردنی (سیبقێکی سوحوفی)ن!

2003. 07. 13

## دڵێک لە هاتوچۆدا

وەک یەکێتی
چۆن حیزبێکی حولحولییە،
یان ئەمپەڕی کوردستانی
یان ئەوپەڕی عێراقییە،
دڵی منیش
لە نێوانی ئەو و تۆدا
هەر خەریکی هاتوچۆیە،
گا لای ئەوە،
گا لای تۆیە،
کە دەڵێم واز لەو دەهێنم
ئەوە ترۆیکی درۆیە،
ئاخر دڵم
هێندە ڕاڕا و سەرەڕۆیە
دەڵێی دەرچووی
فێرگەی باڵای بەکرەجۆیە.

2003. 07. 12